هەواڵ

بتلێک غاز گڕ دەگرێ و ژنێک دەسووتێنێ

کاتژمێر(١١)ی رۆژی ٢١-٥-٢٠٠٧ ژنێک بە ناوی (ز) دانیشتووی ناحیەی شۆرش بەهۆی خراپی بتلی غازەوە دەسووتێ. ژنەکە نەیزانیووە کە بتلەکە غازی لێ دەڕوات، بەمەبەستی چێشت لێنان دەنکە شقارتەیەک لێدەدات و دەیەوێ تەباغەکە رۆشن بکات کەچی گڕدەگرێ وکارەساتێکی گەورەی لێدەکەوێتەوە.

کۆسەرەی کارەبایی کەسێک دەکوژێ

رۆژی ١٨-٥-٢٠٠٧ لاوێکی تەمەن بیست و حەوت ساڵە بە ناوی (ح.ب) دانیشتووی گوندی قەڵاتی دۆڵی خانەقا بەهۆی بەرکەوتنی بە کۆسەرەی کارەبایی بە سەختی بریندار دەبێ، بەو هۆیەوە رەوانەی نەخۆشخانە دەکرێ، بەداخەوە دوای دوو رۆژ لەبەر سەختی برینەکەی گیان لەدەست دەدات.

کارمەندانی دەزگەی مین هەڵگرتنەوە هەڕەشەی راگرتنی چالاکیەکانیان دەکەن

لەسەرەتای ئەمساڵ لەبەرانبەر کەمی مووچەکانیان کارمەندانی مین هەڵگرتنەوە گرێبەندیان نوێ نەکردەوە و داوای مووچەی زیاتریان کرد، بەڵام سەرەنجام لە مانگی نیسان رەزامەندیان پێشانداو گرێبەندەکەیان واژۆ کرد کە مووچەی مانگانە ٧٨٠ هەزار دیناری عێراقیە، دوای بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە کارمەندانی دەزگەی مین هەڵگرتنەوە لە دەڤەری باڵەکایەتی نارەزایی خۆیان دووپات کردەوەو داوای زیادکردنی مووچەکانیان دەکەن، ئێستا هەڕەشە دەکەن ئەگەر مووچەکانیان زیاد نەکرێ، چالاکیەکانیان رادەگرن و بەرەو ماڵەکانیان دەگەڕێنەوە.

ئەوەی شیاوی باسە تا ئێستاش بە ملیۆنان مین لە زەویەکانی کوردستاندا هەڵنەگیراونەتەوە کە رژێمی بەعس چاندبوونی. هەڵگرتنەوەی مینیش ترسناکەو کارمەندانیش داوای مووچەیەکی ئەوتۆ دەکەن کە لەگەڵ مەترسیەکانیاندا بێتەوە.

ژنێک دەکوژرێ

رۆژی ١٩-٥-٢٠٠٧ ژنێکی گوندی کانی تووی دەڤەری رانیە بەناوی (ئ.ع) تەمەن ٦١ ساڵ لەلایەن دوو کەسی نزیکی خۆیەوە لەسەر کێشەیەکی خێزانیەوە هێرشی دەکرێتە سەری و دەکوژرێ.

ژنێک و دۆستەکەی دەکوژرێن

رۆژی ٢٣-٥-٢٠٠٧ لە گەڕەکی پیریادی ناحیەی شۆرش کەسێک بە ناوی (س) لەنێو ماڵەکەی خۆیدا ژنەکەی خۆی و کەسێکی دیکە دەکوژێ.

بەگوێرەی زانیاریەکان (س)چەند جارێک کەسوکاری ئەو پیاوەی ئاگادار کردۆتەوە کە نەچێتە ماڵیان، هەرچەندە ناسیاوی خۆیشی بووە بەڵام گومانی لێ هەبووەو حەزی نەکردووە بچێتە ماڵەکەیان.

ئەوەی شیاوی باسە رۆژی ٢٣ی ئایار کاتێ دێتەوەو ماڵ و ئەو پیاوە لە ماڵەکەی خۆیاندا دەبینێ، هەردووکیان دەکوژێ، دواتر بەمەبەستی رادەست کردن دەچێتە پۆلیسخانە، بەڵام ئامۆژگاری دەکەن، بۆیە خۆی دەشارێتەوە..

پیاوێک لەلایەن خزمێکی خۆیەوە بریندار دەکرێ

رۆژی ١٧-٥-٢٠٠٧ وڵاتیێکی دانیشتووی ناحیەی سەنگەسەر بەناوی (ح. و) تەمەن ٢٩ ساڵ بەهۆی کێشەی خێزانیەوە لەلایەن خزمێکی خۆیەوە هێرشی دەکرێتە سەرو بریندار دەکرێ.زانیاریەکان جەخت دەکەنەوە کە ئەم کەسە لەلایەن خزمێکی خۆیەوە بەناوی(خ.ع) بە دەمانچە هێرشی کراوەتەوە سەرو گوللەیەکی بەرکەوتووە و بریندار کراوە. خۆشبەختانە دەستبەجێ بریندارەکە رەوانەی نەخۆشخانە دەکرێ و تۆمەتبارەکەش دەستگیر دەکرێ.

لەسەر لۆری بەردەبێتەوە گیان لەدەست دەدات

رۆژی ١٨-٥-٢٠٠٧ وڵاتیەکی تەمەن حەڤدە ساڵ بە ناوی (ر.ع) لەسەر ئۆتۆمۆبێلێکی بار هەڵگرەوە دەکەوێتە خوارەوەو ئازاری زۆری پێدەکەوێ. دواتر هەر بەوهۆیەشەوە گیان لەدەست دەدات.

دوو سواڵکەر دزی لە ماڵێک دەکەن

رۆژی ٢٠-٥-٢٠٠٧ دوو ژنی سواڵکەر کە منداڵێکی تەمەن سێ ساڵانەیان لەگەڵ دەبێ، بەمەبەستی سواڵکردن دەچنە گوندی بۆسکێنی نزیک رانیە، دەرفەتیان بۆ هەڵدەکەوێ بیست میسقال زێڕ و بڕی ٣٢٥ هەزار دینار دەدزن. خاوەن ماڵەکە دراوسێکانی ئاگادار دەکاتەوە، ژنان پەلاماریان دەدەن و دەستگیریان دەکەن، دوای پشکنین زێڕو پارەکانیان لێ دەسێننەوە. ئێستا دزەکان دەستگیر کراون و دانیان بەوە داناوە کە لە شوێنی دیکەش دزیان کردووە.

سێ کەس دەستگیر دەکرێن

کاتژمێر ٢٠ی رۆژی ٢٤-٥-٢٠٠٧ لە گەڕەکی سەرای شاری رانیە لەسەر کێشەی قەرزو قۆڵە لەنێوان دوو بنەماڵەدا شەڕ رووید.

ئێوارەی رۆژی ٢٤ی ئایار کەسێک بە ناوی هێمن دانیشتووی شاری رانیە کە بۆخۆی لە بنەڕەتدا خەلکی چۆمانە بەمەبەستی وەرگرتنەوەی ٧٠٠ دۆلار قەرز دەچێتە لای کەفیلی کابرای قەرزار، بەوهۆیەوە مشتومڕ دروست دەبێ و بە چەقۆ پەلاماری کەفیلەکە دەدات، هەروەها بەهۆی جنێودانی بە خێزانی کەفیلەکە، خەزووری کەفیلەکە تووڕە دەبێ و چەک رادەکێشێ، بەڵام دراوسێکان گەمارۆی دەدەن و ناهێڵن تەقەی لێبکات. مەفرەزەیەکی ئاسایش دەگاتە شوێنی رووداوەکە هەر سێ کەسەکە دەستگیر دەکات.

بە گوێرەی زانیاریەکان پۆلیس هەوڵی ئاشتوونەوەی داون، بەڵام بەهۆی ئەوەی یەکێکیان دەستی بۆ چەک بردووە، سزای ١٦ رۆژ راگرتنی لە گرتووخانەدا بۆ بڕاوەتەوە.

کچێکی زاخۆیی ٤ ساڵ لەماڵەوە زیندانی دەکرێ

رۆژنامەی ئەڤرۆ: کچێکی ٢٢ ساڵانی دانیشتووی شاری زاخۆ ماوەی چوار ساڵە لە ژوورێکی بچووک زیندانی کراوە.

رۆژنامەی ئەڤرۆ نووسیویەتی باوکێک ماوەی چوار ساڵە کچێکی خۆی بەبیانوی کەم ئەقڵیەوە لە ماڵەوەدا زیندانی کردووە.

بەگوێرەی هەواڵەکە ئەو کچە لە ژوورێکی بچووک و تەنگدا زیندانی کراوە، تەنیا پەنجەرەیەکی بچووکی تێدایە، زستانان ساردەو هاوینانیش زۆر گەرمە.

رۆژنامەکە هاواری بۆ رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ کردووەو نووسیویەتی ئەو ژوورە تەنگە جێگەی نووستن و خواردن و توالیتی ئەو کچەیە. رێگەشی پێنادرێ لەگەڵ کەسدا قسە بکات.

چوار منداڵ دەسووتێن

رۆژی ١٩-٥-٢٠٠٧ منداڵێکی تەمەن پێنج ساڵەی دانیشتووی ناحیەی حاجیاوا بە ناوی) شیاو شێرۆ) بەهۆی ئاگری تەباخ دەسووتێ، دوای دوو رۆژ مانەوەی لە نەخۆشخانە گیان لەدەست دەدات. هەروەها لە گەڕەکی ئیمام قاسمی شاری قەڵادزێ کچێکی تەمەن ١٤ ساڵان بەناوی (کەژاڵ عوسمان) لە گەرماوی ماڵەکەیان بەهۆی تەقینی پرێمز دەسووتێ.

رۆژی ١٥-٥-٢٠٠٧ دوو منداڵ بە ناوەکانی (محەمەد عەلی و لانە عەلی) دانیشتووی گەڕەکی راپەڕینی شاری قەڵادزێ ، ئاوی گەرم بەسەر جەستەیاندا دەڕژێ و بەسەختی بریندار دەبن و رەوانەی نەخۆشخانە دەکرێن.

رۆژی ١٩-٥-٢٠٠٧ منداڵێکی ٤ ساڵە بەناوی (چنار سەردار) دانیشتووی گەڕەکی شاری قەڵادزێ بەهۆی ئاوی گەرمەوە دەسووتێ و رەوانەی نەخۆشخانە دەکرێ، بەڵام بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیان لەدەست دەدات.

دوو ڕەز لە بناری گۆیژە دەسووتێن

دوێنێ شەممە ٢٦-٥-٢٠٠٧ لەبناری شاخی گۆیژەدا دوو رەز سووتان.

بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو دوو رەزەوە بە ئەنقسەت سووتێنراون، بەرێوەبەرێتی ئاگر کوژێنەوە هەوڵی خامۆشکردنەوەی ئاگرەکەی دا، بەڵام لەبەرسەختی شوێنەکەی نەتوانرا بە ئاو ئاگرەکە کۆنترۆل بکرێ، بۆیە بە ناچاری پەنا بۆ شێوازی کۆن بردراو بە دەست ئاگرەکە کوژاندرایەوە.

زانیاریەکان وا بڵاو دەکەنەوە کە دوو کەسی نەناسراو بە ئەنقەست ئەو ئاگرەیان کردۆتەوەو ئەو دوو رەزەیان سووتاندووە، دوایش بێ ئەوەی دەستگیر بکرێن، هەڵاتوون و لە شوێنەکە دوور کەوتوونەتەوە

ئاسایشی سلێمانی لەسەر گەندەڵی بەرپرسێک دەستگیر دەکات

رۆژی پێنج شەممەی رابردوو،٢٤-٥-٢٠٠٧، هێزەکانی بەرێوەبەرێتی ئاسایشی سلێمانی هەڵمەتێکی پشکنینی چڕیان لەنێو شاری سلێمانیدا بەرێوەبرد، خەڵکی پێیوابوو هەواڵێکی ترسناک سەبارەت بە کردەوە خۆکوژیەکان هەیەو سۆراخی دەکرێ، بەڵام دواتر دەرکەوت کە لەژێر چاودێری بەرێز عومەر فەتاح جێگری سەرۆکوەزیرانی حکومەتی هەرێم هەڵمەتەکە بۆ ئەو کەسانە دەستی پێکردووە کە لەنێو پرۆژەکاندا گەندەڵکاری ئەنجام دەدەن.

دوای تەواوبوونی هەڵمەتی پشکنین دەرکەوت کە هێزەکانی ئاسایش بەرێوەبەری پێشووی پرۆژە تایبەتیەکانیان دەستگیر کردووەو بەمەبەستی لێپرسینەوە رەوانەی گرتووخانەیان کردووە.

شایانی باسە زانیاریەکان باس لەوە دەکەن کە هەڵمەتەکە درێژەی دەبێ و کەسانی دیکەش بە تۆمەتی گەندەڵکاری فەرمانی دەستگیرکردیان دەرچووەو هێزەکانی ئاسایش بە دوایاندا دەگەڕێن و دەستگیریان دەکەن.

لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی هەڕەشەکانی کەتیبەکانی کوردستانی دەوڵەتی ئیسلامی عێراق هێزەکانی ئاسایشی پارێزگای سلێمانی ئامادەباشی تەواویان وەرگرتووەو زۆر چاوکراوانەتر سۆراخی هەواڵەکان دەکەن.

ئەوەی شیاوی باسە لەوەتەی بەڕێز عەمید حەسەن نوری پۆستی بەرێوەبەرێتی ئاسایشی پارێزگای سلێمانی وەرگرتووە، دەیەوێ گوڕوتینێکی نوێ بە هێزەکانی بداتەوە.

چوار چەکدار کەسێک دەڕفێنن

کاتژمێر ١٩,٢٠ی رۆژی ٢٤-٥-٢٠٠٧ لە شەقامی ئۆرزدی شاری سلێمانی چوار چەکدار بەبەرچاوی خەڵکەوە پەلاماری کەسێکیان دا و لێیاندا بەبیانۆی ئەویە کە گوایە بە مۆبایل وێنەی گرتوون.

چەکدارەکان کە سەیارەیەکی مارسیدیسیان پێبوو، لەشەقامی ئۆرزدی رایانگرت و ویستیان هەندێ شت بکڕن، بەڵام وا پێدەچوو سەر مەست بن، لەوکاتەدا کەسێک لەوبەری شەقامەکەوە بە مۆبایل ویستی وێنە بگرێ،کەچی ئەوان پەلاماریان دا و پەلکێشی ناو سەیارەیان کرد و ڕفاندیان.

ژمارەیەک لە خەڵکی ویستیان بە هانایەوە بچن و دەربازی بکەن، بەڵام چەکدارەکان گوێیان لەکەس نەگرت وئەو کەسەیان خستە ناو سەیارەکەو تیژ بۆی دەرچوون.

هەواڵی سەیر

* **رۆژی** ١٨-٥-٢٠٠٧ لە گەڕەکی راپەڕینی شاری چەمچەمال ئۆپلێک منداڵێک دەشێلێ و دەیەوێ هەر جێیبهێڵێ، لەوکاتەدا سەوزە فرۆشێکی گەڕۆک ئاگای لێ دەبێ و سەرکۆنەی شۆفێرەکە دەکات و داوای لێدەکات کە بیگەیەنێتە نەخۆشخانە، بەڵام شۆفێرەکە لە جیاتی بیباتە نەخۆشخانە کەچی لەسەر رێی کەرکوک لەنزیک بەنزینخانەی گەرمیان فڕێی دەدات، کابرایێک کە خەریکی قوتو کۆکردنەوە دەبێ ئاگای لێ دەبێ، منداڵەکە لەگەڵ خۆی دەهێنێتەوە، کەچی کەسوکاری منداڵەکە لە رووداوەکە بێئاگادەبن و یەخەی ئەو کابرایە دەگرن کە منداڵەکەیان بۆ هێناوەتەوە. پاشان کە راستی رووداوەکەیان بۆ دەردەکەوێ ئەوسا داوای بووردنی لێدەکەن!

* **کاتژمێر** ١٩ی رۆژی ٢٣-٥-٢٠٠٧ ئۆتۆمۆبێلێکی پۆلیس زۆر بەخێرایی لە پۆلیسخانەی چەمچەماڵ دەردەچێ وتیژ بەناو بازاڕدا تێپەڕ دەبێ، بەمەبەستی چۆلکردنی جادەکە هەندێ تەقەی هەوایی دەکەن، بەوهۆیەوە پۆلیسی هاتووچۆ دەست بەکار دەبێ و هێڵەکانی دیکە دەوەستێنێ و رێگە بۆ سەیارەکەی پۆلیس خۆش دەکات، بەوهۆیەوە دوو ماتۆر تامپێن دەکەن، سوار ماتۆرەکان بەشەڕ دێن. مەفرەزەکەی پۆلیسیش بۆ ئەوەی بەدەستی بەتاڵ نەگەڕێتەوە یەکێ لە سوار ماتۆرەکان لەگەڵ خۆی دەبات و بۆ بنکەکەکەی خۆی دەگەڕێتەوە.

* **بەرێوەبەرێتی** پەروەردەی چەمچەماڵ بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٦-٢٠٠٧ فێرگەی باباگورگوڕی سەرەتایی کردبوو بە دوو فێرگە، داوای لەهەردوو بەرێوەبەرەکەش کردبوو کە هاوکاری یەکتری بکەن، سەیر لەوە دایە یەکێک لەبەرێوەبەرەکان بە ناوی(ج) وێڕای ئەوەی کە چەندین جار بەڵێنی بە سەرپەرشتیارو یەکێتی مامۆستایان و بەرێوەبەری ناحیەی شۆڕش دابوو کە هاوکاری بەرێوەبەرەکەی دیکە بکات، بەڵام ناوبراو جگە لە پۆلەکانی خوێندن تەنیا یەک ژووری پێداوە، بەوهۆیەوە سەرجەم کتێبەکانی فێرگەی پێشەوا لە هۆڵی هاتووچۆ دانراون!

* **رۆژی** ٢٣-٥-٢٠٠٧ مامەڵەی وەرگرتنی سولفەی هاوسەرێتی وڵاتی(سەربەست غەریب) دانیشتووی ناحیەی قەرە حەسەن بەبیانۆی ئەوەی پێشمەرگەی (ی.ن.ک)ە لە دەزگایەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەولێر رەتکرایەوە، کابرا دەیگوت" ئەی باشە حکومەت یەکی نەگرتۆتەوە! ئەی بۆ سولفەی زەواجم بۆ سەرف ناکەن؟!"

* **رۆژی** ٢١-٥-٢٠٠٧ لە فەرمانگەی باری کەسێتی کەرکوک بەهۆی دواخستنی مامەڵەکەی ،کوردێک لەگەڵ فەرمانبەرێکی تورکمان بەشەڕ دێ، زۆر داخ لە فەرمانبەرەکە دەخوات و پێی دەڵێ: خوا بە قوربانی ئەم رۆژەت بکات، ئەگینا خۆم دەمزانی چیم پێدەکردی. تورکمانەکەش پێی دەڵێ: شەقیش ببەیت ماددەی ١٤ی جێبەجێ ناکرێ و کەرکوک بۆ سەرهەریمی کوردستان ناگەڕێتەوە !

* رۆژی ١٨-٥-٢٠٠٧ دوو فێرکاری پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی رانیە کە کوڕو کچێک دەبن گاڵتە لەگەڵ یەکتری دەکەن، کەچی بە رێکەوت دەستی کوڕەکە کە ناوی (ع.ڕ)ە بەر کراسی کچەکە دەکەوێت و قۆپچەیەکی کراسەکەی لێدەبێتەوە، کچەکە دەیکات بە هەراو مامۆستاکان ئاگادار دەکاتەوە، بەوهۆیەوە سزای کوڕەکە دەدەن و رەوانەی ماڵەوەی دەکەنەوە. رۆژی دوایی فێرخوازەکە دەیەوێ بێتەوە پەیمانگە کەچی پاسەوانانی بەردەرگە رێگەی پێنادەن، ئەویش لەسەر دیوارە ئاودیو دەبێ و لە سوچێکی حەوشەکەوە خۆی حەشار دەدات، دوایی لەگەڵ فێرخوازێکی دیکە بەشەڕ دێ وبەدەنگی بەرز داوای قۆپچەیەک دەکات. کێشەکە گەورە دەبێ و پۆلیس ئاگادار دەکرێتەوە. بەوهۆیەوە کوڕەکە رەوانەی نەخۆشخانە دەکرێ و پشکنینی پزیشکی بۆ دەکرێ و دەردەکەوێ کە دووچاری نەخۆشی دەروونی هاتووە.

* **رۆژی** ٢٢-٥-٢٠٠٧ کۆنگرەی پەروەردەیی لە شاری هەولێر بەرێوەچوو، بەرێوەبەری پەروەردەی چەمچەماڵیش بۆ بەشداریکردن بەرەو هەولێر رۆیشتبوو، بەڵام سەیر لەوەدایە هیچ یەک لە پسپۆڕ و سەرپەرشتیارەکانی لە جێگەی خۆی دانەنابوو، بەڵکو کارەکانی بە کارمەندێکی بەرێوەبەرێتیەکە سپاردبوو کە دەرچووی ئامادەیی پیشەسازیە، بەوهۆیەوە مقۆمقۆ لەناو پسۆپڕەکان و سەرپەرشتیارەکاندا دروست ببوو.

هونەرمەندێکی کورد لە تاراوگە خۆی دەکوژێ

بەگوێرەی هەواڵەکان رۆژی سێ شەممە ٢٢-٥-٢٠٠٧ هونەرمەندی شێوەکار محەمەد عەبدوڵڵا بایز ناسراو بە حەمەڕەش لە ماڵەکەی خۆیدا خۆی کوشتووە.

هونەرمەند حەمە رەش ماوەی چەند ساڵێکە لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا دەژی، بەهۆیەکی نادیارەوە رۆژی سێ شەممەی رابردوو لە ماڵەکەی خۆیدا خۆی کوشتووە.

بەگوێرەی زانیاریەکانی پەیامنێری رۆژی گەل کەوتووە، دۆست و هاوڕێیانی هونەرمەند دەیانەوێ تەرمەکەی بۆ کوردستان بهێننەوە، بۆ ئەوەی لە گۆڕستانی بنەماڵەکەیدا بە خاک بسپێردرێ.

ژن و پیاوێک بە خنکاوی دەدۆزرێنەوە

ئێوارەی ٢٣-٥-٢٠٠٧ تەرمی ژن و پیاوێک لە ناو دوکانێکی نزیک ئاوی ئەڵوەندی خانەقیندا دۆزرانەوە.

بە وتەی پۆلیس ئەو دووکەسە بە غاز خنکاون، پیاوەکە کوڕی کەسێکی ناسراوو ژنەکەش فەرمانبەرە، بەڵام نازاندرێ لەو دوکانەدا چی رووداوە ؟!

دهۆک :بەرپرسێک دوو کەس دەکوژێ

بەگوێرەی زانیاریەکان ١٤-٥-٢٠٠٧ بەرپرسێک بە ناوی (و.ک) لە نێو شاری دهۆک دا دوو لاوی هۆزی رێکانی وەبەر دەستیرێژ دەدات، لە ئاکامدا یەکێکیان دەکوژرێ و ئەوی دیکەشیان بریندار دەبێ و رەوانەی نەخۆشخانە دەکرێ، دواتر ئەویشیان لە نەخۆشخانە گیان لەدەست دەدات.

دوو دەنگۆ بۆ هۆکاری کوشتنی ئەو دووکەسە لەلایەن ئەو بەرپرسەوە هەیە، یەکەمیان دەڵێ: کە گوایە ئەو دوو کەسە وازیان لە بەرپرسەکە هێناوەو چوونەتە لای کەسێکی نەیار. دووەمیان دەڵێ: کێشەکە لە ئاکامی قومار و دۆڕاندا دروست بووە.شاردنەوەی هەواڵەکەو باس نەکردنی لە راگەیاندنەکاندا پرسیارو گومانی زۆری لەلایەن خەڵکی دهۆک و بنەماڵەی کوژراوەکان دروست کردووە.